


**موحەمەدی کەریمیان**

**نوێنەری شارەکانی سەردەشت و پیرانشار لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران بۆ لڤین**

# کورد لە ئێراندا مافی خوراوە و دەستیش هەڵناگرێ لەداواکردنی ئەو مافە تاوەکو بۆی دەگەڕێتەوە

**قسەکانی موحەمەدی کەریمیان لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا دەربارەی پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە ئێراندا هەرای لێ کەوتەوە .**

دیداری خالید محەمەد زادە
تایبەت بە لڤین

**● زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی ئێران هیچ هیوایەکیان بە مەجلیسی شوورای ئیسلامیو نوێنەرانی نییەو گۆمانیشی تێدانییە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسیشدا کەمترین بەشداریان کرد، بەڵام قسەکانی حاجی محەممەدی کەریمیان نوێنەری هەر دوو شاری سەردەشتو پیرانشار لە کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژ لەم مەجلیسەدا کە بوو بە هۆی تورەبوونی سەرۆکی مەجلیس، لە نێو کۆمەڵگای کوردیو لە ناوەندە سیاسیەکانی کوردستان رای جیاوازی لێکەوتەوە. بۆ بەدواداچوونی ئەم قسانەی محەممەدی کەریمیان لە پێوەندییەکدا کۆمەڵێك پرسیارم لەگەڵی دا هێنایە گۆڕێ کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی رادەکێشم:**

**لڤین : تۆ لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی باست لەوە کرد کە"کەرامەتو گەورەیی کوردەکان کەوتە بەر نالوتفی" دەتوانی ئەمە زیاتر شی بکەیتەوە، ئەم "نالوتفی"یەی باسی دەکەی، چییە؟**

**محەمەدی کەریمیان :** من باوەڕم ئاوایە کە هەمووومان ئێرانینو هەموو پێناسەی ئێرانیمان پێیە. هەموو ئەقوام لە یاسادا وەك یەك وانو مافی وەك یەکیان هەیە. کوردیش داوای حەقی بەرابەر دەکاو ئێرانییە، بەڵام زۆرێك لە حەقەکانی زەوت کراوە. ئێمەش دەبینین کە کەسانێك ئەم مافە وەك خوی پیادە ناکەن. بۆیە دەبێ لە هەموو ئیمتازاتێك بەرابەر بین. کوردەکان لەم ولاتە رابردوویان هەیەو شوێن پەنجەیان دیارە. ئێمە هەست دەکەین کورد جێگای شیاوی خۆی پێ نەدراوەو هێندێك لە مافەکانی زەوت کراوەو دەبێ بایەخ بدرێ بە کوردەکانو ئێمەش لەم وڵاتەدا خۆمان بە بەشدار دەزانین .

**لڤین : باشە خەڵک پێشوازی کردوە لە قسەکانی ئێوە؟**

**محەمەدی کەریمیان :** وەڵاهی تا ئێستا بە پێی ئەو تەلەفوونو نامانەی کە دێنو سەردانانەی کە هەبووە بۆلام دەبێ خەڵك پێی خۆش بووبێ. رازی بوون. پییان خراپ نەبووە .

**لڤین : بۆ سەفەری ئەحمەدی نەژاد کە لەم دوایانەدا چووە هێندێک شاری کوردستان پێشتر پرس بە ئێوە وەک نوێنەرانی کوردی پەرلەمان کرا کە ئەم کابرایە دەچێتە کوردستان؟**

**محەمەدی کەریمیان :** بەڵێ. چەند دانیشتنێك کرا. لێرە کە سەرکۆمار دەچێتە هەر پارێزگایەك پێشتر لەگەڵ نوێنەرانی ئەو پارێزگایە دانیشتن دەکاو لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پارێزگا قسە دەکرێ. هێندێك بەرنامە دادەڕێژن ئینجا سەفەرەکە دەست پێ دەکا. بۆ ئەو سەفەرەی ئاغای ئەحمەدی نەژادیش بۆ ناوچە کوردنشینەکانی ئازربایجانی رۆژئاواش لەگەڵ نوێنەرانی ئازربایجانی رۆژاوا دانیشتنی پێش سەفەر بووە. لەو سەفەرەش هێندێ وەعدیشیان داوە کە ئینشاالله ئەو وەعدانە عەمەلی بن و جێ بە جێ بکرێ.

**لڤین : دەمەوێ پێت بلێم کە کورد لە ئێران دا کێشەی سیاسی هەیە، باشە تۆ ناچارەسەری ئەم کێشەیە لە چی دا دەبینی ؟ لە دیدی یاسا بە نیسبەت کوردەوە یا دیدی سیاسەتی کابینەکانی حکوومەتی لە ئێران دا؟**

**محەمەدی کەریمیان :** قانونی ئەساسی دەبێ وەك خۆی پیادە بکرێو لە تەواوی دنیاش هەر وایە کە دەبێ یاسا پیادە بکرێ. بەڵام بە داخەوە لەو نامەیەش دا ئاماژەم پێ داوە کە زۆر لە

بەندەكانی یاسا پیادە ناكرێو هێندێك لە بەندەكانی كاری پێ نەكراوە. تەنانەت من ئەوەشم گوتوە كە كورد لە ئێران هەم لە زەمانی شاداو هەم لە زەمانی كۆماری ئیسلامی دا خوێنیان داوەو رۆڵیان هەبووەو لە سەركەوتنی شۆرش دا نەخشیان هەبوە. بەلاَم بەشداریان كەم پێ كراوە لە بەرێوەبەریی داو لە نازو نیعمەتو بەرەكەتێك كە هەبووە كەمیان پێ براوە. ئێمە چاوەڕوانیمان ئەوەیە كە وەك فارسەكان رۆڵمان هەبێ لە ولاَت دا. خەڵكی كورد بەتوانان و زۆر كەسی شارەزاو پسپۆڕمان هەیە كە بەداخەوە ئیستفادەیان لێ نەكراوە. ئەمە وەك گلەییەك لە جمهوری ئیسلامی هەمانە. كورد سەربازی داوە، مالیاتی داوە، كوشتەی داوە، ئەسیری داوە. كەس ناتوانێ مونكیری ئەوە بێ كە میللەتی كورد ئێرانی بووە. بۆیە ئەگەر دەیانەوێ بەرابەریو یەكبوون هەبێ حەقی رەوای خۆمانە، ئەگەر ئەو حەقە بە تەواوی وەرمان نەگرتوە، كە نەمانگرتوە، مافی خۆمانە كە داوای حەقی خۆمان بكەین. ئێمەش وەك نوێنەرانی كورد لە پارلەمانی ئێرانو وەك خزمەتگوزاری خەڵك دەبێ ئەو داوایانە بكەین.

**لڤین : بەلاَم رەخنەیەك لە ئێوە هەیە ئەویش ئەوەیە كە ئێوە وەك نوێنەرانی كوردی ناو پارلەمان خۆتان لە كێشە سەركییەكانی كورد نادەن. بۆ نموونە ئێمە لە توركیا كچە پارلەمانتاری كورد دەبینین كە ئازایانە وەك كوردێك دێتە قسە كردن بەلاَم ئەم ئازایەتییە لە ئێوەدا نابینرێ بۆباس كردنی كێشەی سەرەكی كوردەكانی ئێران، تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟**

محەمەدی كەریمیان : دیارە خەڵك حەقی خۆیەتی كە داوای زیاتری هەبێ. خەڵكی ئێمە هوشیارە ئەوانیش چاویان لەدەستو قەڵەمو دەمی ئێمەیە كە ئێمە دیفاع لە هەموو مافی ئەوان بكەین وەك مافی سیاسی، فەرهەنگیو ئابووری. ئەگەر كۆتاییمان كردبێ ئەوە خەڵك مافی خۆیەتی رەخنە بگرێ. بە هەر حال ئێمە لە مەجلیس هەوڵی خۆمان دەدەین كە دیفاع لە خەڵكی بكەین. خەڵكی كورد حەقی ژیانیان هەیەو مافیان هەیە وەك هەموو خەڵكی دیكە مافەكانیان دابین بكرێ. ئێمەش انشاالله نمایندەی باش دەبین بۆ ئەوانو ئەوانیش لە ئێمە رازی دەبن.

**لڤین : باشە پێت وایە كۆماری ئیسلامی تا چ رادەیەك بە دەنگ ئەم بانگەوازەی تۆوە دێتو بە قسەت دەكا؟**

محەمەدی كەریمیان : وەلاَ من چەندین جار رامگەیاندوەو لە منیش زۆر نارازی بوون. بە رای من ئەوان هەرچەند بە میللەتی كورد ئێران رابگەن بە قازانجی خۆیانە. دەورەو زەمانە دەورەو زەمانەی قەدیم نیە. خەڵك بەئاگا بۆتەوەو خەڵك داوای مافی خۆیان دەكەن. بۆ نمونە لە هەر بنەماڵەیەكدا ئەگەر فەرق دابنرێ لە ناو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە ئەوە هەلاَو بەزم ساز دەبێ. بۆ نموونە فەرق هەبێ لە مابەینی منداڵەكان ئەوە منداڵەكان رۆژێك نارەزایەتی خۆیان بە نیسبەت دایكو باوكیان رادەگەیەنن. لە دەوڵەتێكیشدا كە خانەوادەیەكی گەورەترە خەڵكی كوردیش نارەزایەتی خۆی رادەگەیەنێ كە حەقی خۆیەتیو پێناسەی ئێرانی هەیەو حەقی خوراوەو دەناڵێنێ. حەقی خوراوە دەبێ ئەو حەقەی بۆ بگەرێتەوە تا نەناڵێنێ. ئەوە شتێكی باشەو لە هەموو دنیاش دا هەیە. كوردیش داوای حەقی خۆی دەكاو دەستیش هەڵ ناگرێو دەبێ داوای ئەو حەقە فەوتاوەی بكا.

**لڤین : زۆر باشە تۆ چ قسەیەكت هەیە بۆ خوێنەرانی ئەم چاوپێكەتنە؟**

محەمەدی كەریمیان : من بە هەموو كوردە بەشەرەفەكان كە لە دەرەوەی ولاَت دان داوا دەكەم كە بارودۆخی ئێستای جیهانو ناوچەكە لە بەرچاو بگرنو لە حەرەكاتی نیزامی كە لە كوردستاندا بووە دەست هەڵ بگرنو سوود وەرگرن لە بارودۆخی ناوچەكەو داواش دەكەین كە كێشەكان لە رێگای وتوێژو مەنتەقەوە چارەسەر بكەن. پێم وایە گەورە پیاوانی كوردیش لە رێگای وتوێژەوە كاریان كردوە. لە ئێرانیش انشاالله میللەتی كورد درێژە بە كاری خۆی دەداو جمهوری ئیسلامیش دەبێ مافی كورد لە بەرچاو بگرێ. كوردی عێراقیش كە برای ئێمەیە هیواداریان كە ئەزموونەكەیان سەقامگیرتر بێو مافی قەومەكانی دیكەش بە رەسمی بناسنو بۆ دەرو دراوسێكانیشیان رێز دابنێنو ئەوانیش بە حەقی قانونی خۆیان بگەنو كوردەكانی سوریاش انشاالله بە مافی خۆیان بگەنو هەروەها كوردی توركیەشو رێزم هەیە بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیەش.

